# زەکاتی مووچەی مانگانە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زكاة الرواتب الشهرية

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەکاتی مووچەی مانگانە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار:** السلام عليكم

من موچەخۆرم وە مانگانە هەندێك لە موچەکەم پاشەکەوت دەکەم. وە ساڵی ٢٠١٢ لەمانگی (پێنج) ئەو پارەیەی کە پاشەکەوتی دەکەم گەیشتە نزیکەی ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.. کەواتە ئەبێت لە مانگی(پێنج) ی ٢٠١٣ زەکاتەکەی دەربکەم...بەڵام من مانگانە پارەی ترم خستۆتەسەری کە ساڵی بەسەردا تێنەپەریوە بۆ نمونە لە مانگی شەشی ساڵی ٢٠١٢ تاکو ئێستا پاشەکەوتەکەم زیادی کردووە..

ئایا من تەنها زەکاتی ٥,٠٠٠,٠٠٠ دینارەکە دەربکەم یاخود چۆن؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو پارەیەی کە مرۆڤ پاشەکەوتی دەکات زەکاتی تێدا واجب نابێت هەتاوەکو ساڵی بەسەردا نەیەتەوە (بەساڵی کۆچی) وەنەگاتە ئەو ڕادەیەی کە زەکاتی لێ دەدرێت، ئەویش بریتیە لەنرخی بیست مثقاڵ زێڕ کەنزیکەی دەکاتە (٨٥) گرام، یان نرخی دوو صەد درهەم زیوو کە نزیکەی دەکاتە (٥٩٥) گرام، بۆیە ئەمەش دیاری کراوە چونکە کاتی خۆی ئەم دوو ئەندازەیەی زێر وزیوو نرخەکانیان لەیەکەوە نزیك بووە، وەك ئێستا نەبووە کە دوو صەد درهەم زیووەکە زۆر هەرزانتر بێت لە بیست مثقاڵ زێڕەکە، بەهەر حاڵ ئەگەر بەزیوو هاوتات کرد ئەوە بۆ هەژاران باشترە، وە ئەگەر بەزێڕیش هاوتات کرد هەردەبێت وەك ئەوەی ئێستا لەکوردستانی خۆمان زانایان

وماموستایانی ئاینی به زێڕ هاوتای دەکەن وخەمڵاندویانه به ( پێنج ملیۆن دیناری عێراقی ) .

بۆ نموونه ئەو بڕه پارەیەی جەنابت لەمووچەی مانگی پێنج (جمادي الاولى) پاشەکەوت کردووه ئەگەر گەشته ئەو ڕادەیەی که زەکاتی تێدا واجب دەبێت زەکاتی لێ نادرێت هەتاوەکو ساڵێکی تر مانگی پێنج (جمادي الاولى)، ئەو کاته تەنها زەکات لەو بڕه پایه واجبه، بەهەمان شیوه مانگی شەش و حەوت وهەشت و نۆ و مانگەکانی تر، بەڵام بەم شێوەیه گران وقورسه و ووردەکاری وحسابێکی دەوێت، بۆیه واباشه جەنابت مانگێك دیاری بکەیت لەساڵەکەدا، بۆ نموونه ئێستا خەڵکی بەگشتی له مانگی رەمەزاندا زەکاتی ماڵوسامانیان دەردەکەن، جەنابیشت هەوڵبده مانگی ڕەمەزان دیاری بکەیت چونکه مانگی خێر و حەسەنات دابەزینی قورئانه، ئەگەر لەو مانگەدا سەیرت کرد بڕێك پارەت پاشەکەوت کردوه و دەگاته ئەو ڕادەیەی که زەکاتی تێدا واجب دەبێت ئەو کاته زەکاتی

هەمووی دەربکە، ئەو بڕە پارەیەی کە پاشەکەوتت کردووە ئەگەر بەر ئەوە کەوت ساڵی بەسەردا هاتەوە ئەو کارێکی باشت کردووە وزەکاتە واجبەکەت دەرکردووە، خۆ ئەگەر هەندێك لەپاشەکەوتەکەت بەر ئەوە نەکەوت کە ساڵی بەسەردا هاتبێتەوە، ئەوە لەسەر ڕای جمهوری زانایان دروستە مرۆڤ پێش ئەوەی پارە وسامانی ساڵی بەسەردا بێتەوە زەکاتەکەی دەربکات، بەم شێوەیەش جەنابت ڕزگارت دەبێت لەوەی بەردێژایی ساڵ خەریکی حساباتی دەرکردنی زەکاتت بيت .

بۆ ئەوەش کە دەڵێیت من جگە لە پاشەکەوتی مووچەکەم پارەی ترم خستووەتە سەر، وەك ووتم مانگێك دیاری بکە کە زانایان ناویان ناوە (شهر الزكاة = مانگی زەکات) ئەو مانگە دیاری بکە و سەرجەم ماڵوسامانت حساب بکە و بزانە چەندێك سەرمایەت هەیە لەپارە وپوڵ وسامان، ئەو کاتە ئەگەر هەرچەند بوو لەپێنج ملیۆن وزیاتر بوو، ئیتر هەرچەندێك

هەیە ( لەصەدا دوو نیو ) ی لێ دەربکە، واتە لەپێنج ملیۆنەکە

(١٢٥٠٠٠) صەد وبیست وپێنج هەزار زەکاتی لێ بدە .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .